# جگەرەکەی پەرلەمان

**عومەرمحەمەد**

هەمووومان دەزانین لەوەتای گەلی کورد لە عێراق بووەتە خاوەنی پەرلەمان، هەردەبێت بڵێین ئەو نانە بەو ڕۆنە چونکە پەرلەمانتار ئەوەندەی زوخاوی کردووەتە سکی ئەم میلەتەوە نیو ئەوەندە کاری خێری بۆ بکردایە، ئێستا ئێمە لەژیانێکی باشتردا دەبووین. ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەیکات، لە قوتووی عەتاری هیچ میللەتو پەرلەمانێکی تردا نەمبیستووە.. ئاخر لەم وڵاتەدا هەتا ئێستاش ئەگەر حەرەسێك لەخاڵی ئێشکگرتندا بخەوێت سەری پاك بۆدەتاشنو موچەکەی دەبرنو دەشیکەن بەعیبرەت، کەچی ئەو پەرلەمانە لەگرنگترینو چارەنوسسازترین دانیشتنی خۆیدا، کە وابەستەبوو بەچارەنوسی هەموو میللەتەوە " مەبەستم ئەو دانیشتنەیە کە لەسەر دەستوری عێراق بوو، لەبری ئەوەی شەو لەخۆی حەرام بکات بۆ تاوتۆێ کردنی ئەو پرۆژەیە، کەچی ئەو بەرۆژی نیوەڕۆ لەپرخەی خەودابوو..! تەنانەت بلێسەی فلاشی کامێرای رۆژنامەنوسەکانیش بەخەبەری نەهێنابوونەوە، کەچی لەبری ئەوەی موچەکەی ببڕن، ئەو بێگوێدانە موچەی کەمی موچەخۆرانی حکومەت، داوای موچەی زیادیشی دەکرد..!!

هەرلەخەفەتی نەبوونیو بێموچەییو گەندەڵی ئەم حکومەتە عمومی خەڵك سەری سپی بوو، چارەی رەش بوو، ئەوەندە جگەرەی ئێکسپایەری بازاڕی ئازادی هەڵلوشی ناوسکیشی وەکو ماسی رەش هەڵگەرا، کەچی ئەم پەرلەمانە لەبری ئەوەی بەخویدا بچێتەوەو بیرێك لەحاڵی خراپی میللەت بکاتەوە، لەپێشەوە بۆ ئەوە دادەنیشێ بریاری جگەرەکێشان لەدامو دەزگا حکومیەکانو شوێنە گشتیەکان دەربکات، خۆ وەنەبێ ئەمە کارێکی خراپ بێتو جگەرەکێشانم لە شوێنەگشتیەکان پێباش بێت، نا نەخێر بەڵکو ئەم کارەی پەرلەمان رێك وەکو ئەو نەخۆشە کلۆڵەی لێهات کە چووبوو بۆ عەمەلیاتی لەوزەتین، کەچی دکتۆری قورمساغ نەشتەرگەری مایسیری بۆ کردبوو.. ئەگەرچی من لەسایەی کلتوری ژاپۆنیەکانەوە وا بۆ 10 ساڵ زیاتر دەچێت، خووم بەوەوە گرتووە نەلە ژوورەوەو نەلە ناوئۆتۆمبیلیش جگەرە ناکێشم، هەرئەم هۆکارەش بووەتە هۆی ئەوەی جگەرە کەم بکەمەوەو جاران بەسێ چوار رۆژ ئینجا پاکەتێکم فت دەکرد، بەڵام بڕواتان هەبێ لەوەتای هەواڵی ئەو دانیشتنەی پەرلەمانم بیستووە پیش دانیشتنەکەی لەمەڕ جگەرەی سەگباب، رۆژی زیاد لەپاکەتێك دەکێشم، ئەویش نەك لەڕقی پەرلەمان بەڵکو لەخەفەتی بڕیارەکەی ئەو.